# هەڵبەستی سوێدی

تۆماس ترانسترۆمێر= Tomas Tranströmer

وەرگێر: ڕەحمانی سۆفی

## دورگەگەلی پایزی

### تۆفان

لێرە،
لە پێش قەڵایکی سەوز ڕەشدا،
لە هەمبەر زەریای سێپتەمبەردا،
لە پرێکدا،
گەڕۆک توشی پیرەداربەڕویک دەبێ
لە چەشنی کەڵەکێوی بە بەردبوو،
بە تاج بەرزوبەرینی سەرەوە
تۆفانی باکوور هەڵدەکا
وەرزی پێگەیشتنی ترشە گێوژە
هۆشیار لە تاریکیدا گوێی لێیە
پۆلە ئەستێرە ورد دەبن
بە سەر پۆپکی داربەڕودا.

### ئێوارە - بەیانی

تیرەگی مانگ پواوە
بادەوەش چرچ و لۆچ بووە
مانگی خنکاو بە سەر ئاوەوە دەگەڕێ
تەختەسەکۆی چوارگۆشە قورس ڕەش هەڵگەڕاوە

پەتی بەستنەوەش لە تاریکیدا دەڕزێ

لە دوورەوە، لە سەر پێپلیکانەکان

گزینگی بەیان خۆ دەکوتێ، خۆ دەکوتێ

بە سەر پەرژینی بەردە بۆری زەریادا

ڕۆژ لە نزیکی دنیا پڕشنگ ئەدا

خواگەلی هاوین نزیکن لە خنکان،

لە دووکەڵی دەریایی دا بێهودە دەگەڕێن.

**بۆڕموزیکی خاوەژێ**

لە ناوەندی مەداری بێدەنگیدا

لە ژێر قەڵەشە هسەهۆڵدا،

بە هاژە و گرفە، تل دەدا

زەریای بێ سنوور بەرەو ڕووناکی.

لە گێرەی قەوزەدا،

چاوبەستە هەوسارەکەی خۆی دەجوێ

لە کەفی سەهۆڵبەستدا،

خۆ دەکشێ بەرەو کەنارەی بە رخۆر.

شینەقامیشی خاک تاریکی دەی پۆشێ

قەڵشە سەهۆڵ دەبێتە ئەستێرە ودەوێستێ

کەف دەبێتە سەهۆڵ،و

بەرەو کەنارەی بەرخۆر

بێوچان دەخوشێ زریا بە رەو پێش.

## ئاپریل و بێدەنگی

بەهار خاپوری چارەنوسە

مۆرمەخمەڵی تاریکی بەلامدا

دەخزێتە کەنداڵێکەوە

بە بێ ئاوێنە نوێنێک

تەنیا شتێکی زەرد ئەدرەوشێتەوە

نێرگزە بەهارەیە

منیش لە سێبەرەکەی خۆم دا

ڕادەگوێزرێم

هەروەکوو کەمانێک

لە جانتا ڕەشەکەی خۆیدا

تەنیا ئەوەی گەرەکمە بێژم

لە دوورەوە دەبروسکێتەوە

چەشن وێنەی زێو

لە جامخانەی بارمتە فرۆشێک دا